# هاوکارییە مرۆییەکان لەکوردستانی عێراق



وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:

پ. دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی/٢٠٢٢

# هاوكارييە مرۆييەكان لەكوردستانی عێراق •

لەجەنگی كەنداوی ساڵی ١٩٩١ەوە، عێراق و بەتايبەت كوردستانی عێراق، دەستوەردانێكی بێوێنەی سياسی و سەربازيی و مرۆيی لەدەرەوە بەخۆوە بينی. ئەم دەستوەردانە گەورەیە لەسايەی بڕياری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسايشی نەتەوە يەكگرتووەكان ڕەوايەتيی بەخۆوە بينی كە لەو كاتەدا وا لێی دەڕوانرا كە پيرۆزيی سەروەريی دەوڵەت نەتەوەی تاكو ئەوكاتەی پێشێلكردووەو زەمينەی بۆ كاری هاوشێوە لە هەر جێگايەكی ديكە خۆشكردووە. هەربۆيە سەرۆكی ئەمريكا بەشانازييەوە ئۆپەراسيۆنی دژی عێراقی وەك كەيسێكی تاقيكردنەوەی " سيستمی نوێی جيهانيی " ڕاگەياند كە تێيدا مافەكانی مرۆڤ و لەبەرچاوگرتنە مرۆييەكان دەكەونە پێش سەروەرييەكانی دەوڵەت. وێڕای ئەوەی، بەتەواويی لەساڵی ١٩٩٥دا ڕوون بووەوە، كە كوردستانی عيراق، ئەوەی" ناوچەی ئارام "ی تێدا دامەزرا، زۆر بەئەستەم دەتوانرا وەك نمونەی سەركەوتنێكی ئەم جۆرە دەستێوەردانە لەقەڵەم بدرێت. هەرێمەكە كە تووشی چەندين قەيرانی ئابووری و كۆمەڵايەتيی هاتبوو، هەروەها لەسايەی ناجێگيريی سياسی و هاتنەناوەوەی سەربازی بێگانەو جەنگی نێوخۆيی كورديیدا دەيناڵاند.

هاوكاريی مرۆيی، فاكتەرێكی ئابووری و سياسی گرنگ بوو لەكوردستانی عێراقدا، بەڵام كاريگەريی چاوەڕواننەكراو و بگرە لەهەندێ باردا پێكدژيشی لێكەوتەوە بەڕادەيەك كە بووە هۆی پەرەگرتنی ئەو ئاراستەو ڕێچكە نەرێنييانەی كە هەبوون. ئەم پەيپەرە هەوڵدەدات بەدواداچوون بۆ هەندێك لەو سيما سەرەكييانەو كاريگەرييەكانيان بكات.[1] پاش هەندێك پێشينە، قۆناغە سەرەكييەكانی

---

• ئەم بابەتە لەلايەن (پرۆفيسۆر دكتۆر ميشێل ليزەنبێرگ) نووسراوە و لەژمارە ٢٩ی گۆڤاری سيمۆتی هۆڵەنديدا بڵاوكراوەتەوە.

[1] بۆ شرۆڤەكاريی پەرەسەندنی سياسی و كۆمەڵايەتی و ئابووری بڕوانە:

ئەو بەشداریی و تێوەگلانە مرۆییانە دیاریدەکرێت: هەر لەهەوڵە بەراییەکانی فریاگوزرایی نێودەوڵەتیی و هەروەها دامەزراندنی "ناوچەی ئارام" و گۆڕینی هاوکارییەکان کە بەرەو پەرەپێدانی درێژخایەن هەنگاویان نا. ئەو هەوڵانە بەشێوەیەکی زێدەو بەهۆی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتیی و سیاسی هەرێمەکە لەمپەریان هاتەڕێ، هەتاوەکو ئەو کاتەی بەکۆتاییهاتنی جەنگی نێوخۆیی کوردیی و جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بەبڕیاری "نەوت بەرامبەر بەخۆراک" ناوی دەرکرد، بڕێکی کەم جێگیریی بۆ هەرێمەکە گەڕێنرایەوە.

**دەروازە:**

لەساڵانی ١٩٧٠کاندا، عێراق گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆوە بینی، بەزۆری بەهۆی سیاسەتە رادیکال و توندوتیژەکانی حیزبی بەعس، ئەوەی بەهۆی هەڵکشانی داهاتی نەوتەوە بەدیهاتنی گونجاو بوو. ئاوێزانبوونی ئەو دوو فاکتەرە بووەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی پەرەسەندووی سەرکوتکەر. هەر شێوازێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، بەتایبەت راپەڕینی چەکدارانەی کورد لە ١٩٧٤ – ١٩٧٥ بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکرا. لەباکورە کوردییەکە، هەزارەها گوند چۆڵکران و وێرانکران. کشتوکاڵ بۆماوەی چەندین دەیە لەداڕماندا بوو. ئاسۆی کشتوکاڵێک کە پشت بەپاڵپشتی خودیی ببەستێت لەئاکامی ریفۆرمە یەک لەدوایەکەکانی زەوی پاشەکشەی کرد. ئەوەی لەساڵانی حەفتاکاندا بەئاراستەی هەروەزییە بێبەرەکان رۆیشت و لەهەشتاکانیشدا رێوشوێنی بەتایبەتییکردنی بەدواداهات. ئەوەی دواتر بەهۆی پاڵپشتییکردنی حکومەت لە هاوردەکردنی خۆراکیی بەشێوەیەکی زێدە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا و بەشێوەی

---

M. Leezenberg 1997 Irakisch-Kurdistan seit dem 2. Golfkrieg. In C. Borck a.o. (eds.) *Kurdologie 1: Ethnizität, Nationalismus, Religion und Politik in Kurdistan*. Münster: LIT Verlag .

بەرفراوانتر کەم بووەوە. بەهۆکاری فاکتەری ئابووری لەلایەک و بەهۆی سیاسەتی توندوتیژیی حکومەت لەپێناو قەڵاچۆکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، پرۆسەی شارنشینی بەشێوەیەکی مەزن روویدا. ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی لادێکان بۆ موجەمەعاتەکان گواسترانەوە، کە لەوێدا ئەنجامدانی چالاکی کشتوکاڵییان پێنەدەدرا، بەشێوەیەک وایان لێهاتبوو کە بۆ دابینکردنی زۆربەی پێویستییە بنەڕەتییەکانیان پشتیان بەدەوڵەت و دەزگاکانی دەبەست. خواردن بەشێوەیەکی ناوەندیی دابەشدەکرا، زۆرجار بەهۆی ئەو سەرەکخێڵانەی کە لەگەڵ دەوڵەتدا هاوکارییان دەکرد. زۆربەی جاریش بونیادە بنەڕەتییەکانی وەک پەروەردەو بایەخی تەندروستی، ناتەواو و وەکو پێویست نەبوو.

لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا، شێوازێک لەشێوازەکانی سەرمایەداریی دەوڵەتیی دەرکەوت، وێڕای ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق بۆخۆی رێکخراوێکی گرنگی بۆ پرۆژە تایبەتییەکانی پێکهێنابوو، بەتایبەت لەبواری پرۆژەکانی بنیاتناندا، ئەم کارانە زۆربەی جار لەلایەن بەڵێندەرو وەبەرهێنەری وابەستەی حیزبەوە ئەنجامدەدران، ئەوانەی قازانجێکی مەزنیان لێدەکرد. زۆربەی جاریش ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە لەچەندین شێوازی گەندەڵییەوە تێوەدەگلان، بەوەش توێژێکی نوێ لەبەڵێندەرو وەبەرهێن دەرکەوتن کە لەگەڵ پەرەسەندنی توانای ئابووری خۆیان،وابەستەی دەوڵەت بوون. ، ئەم جۆرە مەحسوبییەتە بەشێوەیەکی گەورەتر هەتاکو پاش راپەرینیش وەک خۆی مابووەوە، هەروەها پێش سەپاندنی گەمارۆکە لەساڵی ١٩٩٠دا، کاری قاچاقچێتیی (مەشروب و جگەرە)و بەدرێژایی سنورەکان لەگەڵ تورکیاو ئێراندا هەبوو.

دواجار ئەوەی لەوانەیە زۆر گرنگیش بێت ئەوەیە کە عێراق لەساڵانی هەشتاکاندا ئاراستەی بەتایبەتیکردنی چڕکردبۆوە کە چەندین ساڵیک پێشتر دەستپێکربوو، ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بۆ پێراگەیشتنی تێچوونی جەنگی کەنداوی یەکەم بوو. هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگ و دەرچوونی بەکۆمەڵی سەربازان لەخزمەتی

سەربازیی، حکومەت گلایە شۆکێکی ئابووری سەرەڕۆیانە کە لەوەبوو ببێتەهۆی پشێوییەکی کۆمەڵایەتی جددی. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە،[2] ئەم قەیرانە ئابوورییە هۆکاری بنەڕەتی داگیرکردنی کوێت بوو لەلایەن عێراقەوە. لەم دیدەوە خواستی حکومەت بۆ رێگریی لەو پشێویی و ناجێگیرییە کۆمەڵایەتییە، لەواقیعدا ناچاریکرد کوێت داگیربکات تاوەکو بیکاتە شیوازێک بۆ بەلارێبردنی سەرنجی گشتی لەسەر کێشە نێوخۆییەکان و بەئاسانیش پارەو پاڵپشتی دارایی نوێی دەستکەوێت. بەدڵنیاییەوە، داگیرکارییەکە کاریگەریی خۆی لەسەر داپۆشینی پەرەسەندنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. لەگەڵ هەڵایسانی قەیرانی کەنداو لەئابی ١٩٩٠دا، نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆی بەسەر عێراقدا سەپاند، لەوەڵامی ئەوە، حکومەتی عێراقیی هەستا بەدامەزراندنی سیستمی دابەشکردنی بەشە خۆراکیی کە پێویستییە خۆراکییەکان بۆ تەواوی دانیشتووان فەراهەم بکات.

بەکورتی، لەکاتی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، زۆربەی کوردستانی عێراق بە وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتیی قووڵدا تێدەپەڕی. ناوچەکە شارنشینیی تێدا باڵادەست بوو، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتیان بەدەوڵەت دەبەست. شێوازی نوێی مەحسوبییەت لەشارەکاندا دامەزرابوو، گوندو لادێیەکانیش هەڵگری ماتەوزەی ململانێیەکی توندبوو لەسەر زەویوزار.[3]

---

[2] K.A. Chaudhry 1991 On the Way to Market: Economic Liberalization and Iraq's Invasion of Kuwait. *Middle East Report*, May-June 1991: 14-23

[3] بۆ زیاتر سەبارەت ئەم ئاراستەیە بڕوانە:

M. Leezenberg 1997.


www.facebook.com/kurdistan.folklor


مدينة الكويت
Kuwait City
ميناء عبدالله
Mina Abdulla



## یەکەم: قەیرانی پەنابەرانی ساڵی ١٩٩١و ناوچەی ئارام

بەمەبەستی شرۆڤەکاریی، دەتوانرێت بەشداریی مرۆیی لەکوردستانی عێراق بەئاسانی بۆ چەند قۆناغێک دابەشبکرێت. یەکەمین قۆناغ تاوەکو نزیکەی کۆتایی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو، ئەوەی دەتوانرێت بەوە بناسرێتەوە کە هەوڵێک بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی توندی پەنابەرەکان کە لەنیساندا سەریهەڵدابوو. بەم شێوەیە، ئەو هەوڵە تاڕادەیەکی زۆر جەختی لەسەر هاوکاریی فریاگوزاریی کورتخایەن دەکردەوە، بەڵام هەروەها ئامانجی بەڕوونی ئەوەشبوو رێگا لەبەردەوامی قەیرانەکە بگرێت و لەرێگەی هاندانی پەنابەرکان کە بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە.

لەپاش دووەمین جەنگی کەنداو، راپەڕنێکی لەناکاو دژی رژێمەکەی سەدام حوسێن هەڵگیرسا. بەڵام ئەم یاخیبوونە کە لەڕووی رێکخستنەوە لاوازبوو، بەخێرایی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی حکومەتەوە تێکشکێنرا. ئەوەی پەنای بۆ چەندین کاری دڕندانەی تۆڵەسەندنەوە برد کە تەنانەت بەپێودانگە عێراقییەکانیش چاوەڕواننەکراو بوو. لەئەنجامی ئەو تۆقاندنەش، نزیک بە ١,٨ ملیۆن کەس لەخەڵکی کوردستانی عێراق بەرەو سنورەکانی تورکیاو ئێران هەڵاتن. بەڵام هیچ یەک لەو دوو وڵاتە هیچ ئامادەکارییان بۆ ئەم ورووژمە مەزنەی پەنابەران نەکردبوو. تورکیا لە بنەڕەتەوە ئامادەنەبوو سنوری خۆی واڵابکات، لەترسی ئەوەی نەوەکا ورووژمی پەنابەران گرفتی نوێیان لەگەڵ دانیشتووانە کوردە ورووژاوەکانی خۆی بۆ بێنێتەئارا.

لە٥ی نیساندا، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، ئەوەی داوای لەحکومەتی عێراقیی کرد کۆتایی بەسەرکوتکردنی دانیشتووانی سیڤیل بهێنێت، بەتایبەت کورد. هەروەها رێگە بەئاژانسە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بدات دەستبەجێ بگەنە ئەو وڵاتە. دواتر ئەم بڕیارە بۆ رەواییدان بە دەستێوەردانی هاوپەیمانان بەکارهێنرا کە لەلایەن نەتەوە

یەکگرتووەکانەوە UN ڕێپێدانی بۆ نەکرابوو، لەوانەش ناوچەکانی دژەفڕین لەباکووری عێراق بەشێوەیەکی تاکلایەنە لەلایەن ئەمریکییەکانەوەو هەروەها دامەزراندنی " ناوچەی ئارام " لەباکوور، کە هەردووکیان لە نیسانی ۱۹۹۱دا بوون. بیرۆکەی ناوچەی ئارام لەلایەن جۆن مێجەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیاوە وەک کەمکردنەوەی قەیرانی پەنابەرەکان پێشکەشکرا پاش لەبەرچاوگرتنی پێشنیارێک کەلەلایەن تورگوت ئوزالی سەرۆکی تورکیا کرابوو.هۆکاری دامەزراندنی ناوچە ئارام لەناو عێراقدا بریتیبوو لەوەی کە ڕێگە بە پەنابەرەکان دەدات لەنێوخۆی وڵاتەکە بمێنێتەوە. هەرچەندە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە تورکیا زیاتر لەئەمریکاو بریتانیا، هێزی ئاراستەکەری پشت دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ و پلانی ناچەی ئارام بوو. ئاشکرایە، کە هاوسێ ڕاستەخۆکانی عێراق بەرژەوەندی گەورەتریان لە هاوپەیمانە دوورەکانی جەنگی کەنداودا هەبوو بەوەی ریگە لە قەیرانەکە بگرن و هانی هاوکارییە مرۆییەکان لەنێوخۆی عیراقدا بدەن. لەساڵانی دواتردا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاڵپشتیکاری بنەڕەتی بیانی بوو لەباکوری عێراقدا. تێوەگلانی ئەو لەهەڵمەتە مرۆییەکان شتێک بوو پێچەوانەی خواستی خۆی بوو. ئەو بەشێوەیەکی تایبەت نیگەرانی ئەوەبوو کە لەگەڵ هێزە زەمینییەکانی ناوچەکەدا تووشی پێکدادان بێت.

ناوچەی ئارام تەنیا داوای لەکوردان و پەنابەرانی دیکە نەدەکرد بگەڕینەوە بۆ ئەو وڵاتەی تێیدا چەوسێنرابوونەوە – ئەوەی پێشێلکارییەکی روونی بڕیاری ڕێکەوتننامەی ساڵی ۱۹٥۱ی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە قەدەغەکردنی ناردنەوەی زۆرەملێی پەنابەرانە – بەڵکو هەروەها ئامرازێک بوو بۆ سەپاندنی هاوکارییە مرۆییەکان، ئەوەی سەروەریی دەوڵەتی ڕەتدەکردەوە. ئەو قەوارەیەی لەوکاتەدا بەم شێوەیە دامەزرا، هیچ پێشینەیەکی لەیاسای نێودەوڵەتییدا نەبوو. لەواقیعدا، ئامانجی پاراستنی تورکیا بوو لەتێڕژانی ئەو شەپۆلەی پەنابەرانی کورد، لانیکەم بەهەمان ئەندازەی پاراستنی کوردانی سیڤیلی عێراق بوو لەسەرکوت و چەوساندنەوەی حکومەتی

عێراق. هاوشێوەی ئەم قەوارەیە بەدرێژایی سنورەکانی ئێران و پاشایەتی سعودیی دروست نەکرا، ئەوەی کە ژمارەیەکی هاوشێوە لەپەنابەران روویان تێکرد. ئەو پەنابەرانەی گەیشتنە تورکیا، بەتوندی لەمپەری ئەوەیان خرایە بەردەم کە لەوێ بمێننەوە یاخود بتوانن بەرەو وڵاتاێکی سێیەم بڕۆن، ناچاری ئەوەش کران کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق . بەهەمان شێوە، هاوکاریی خۆراکیی بەزۆری لەبەری سنوری عێراقەوە دابەشدەکرا، بەو هیوایەی کە پەنابەران هانبدەن بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە بەو زووانە لێوەی هەڵاتبوون.

بەواتایەکی دی، ئۆپەراسیۆنی مرۆیی هاوپەیمانان کارەکتەرێکی سەربازیی و ئامانجگەلێکی روونی هەبوو، هیچ رێپێدانێکی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەبوو. هەرچەندە لەواقیعدا، لەگەڵ هەڵسوڕانە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێکداچوونیان و تیکەڵاویان هەبوو. لە١٨ی نیسانی ١٩٩١دا، یوئێن بیرخەرەوەیەکی لێکتێگەیشتنی MOU لەگەڵ حکومەتی عێراقییدا مۆرکرد کە بتوانێت بەرنامە مرۆییەکانی خۆی لەتەواوی عیراقدا جێبەجێبکات، بەو ناوچانەشەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نەبوون. لەبەرامبەر ئەوە، حکومەتی عێراق جۆرێک لەکۆنترۆڵی خۆی بەسەر هاتنی هاوکارییە مرۆییەکان پاراست. هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی یوئێن پێویستی لە رەزامەندی حکومەتی عێراق بوو، بیرخەرەوەکە MOU بەئاشکرا دانی بەوەدا نابوو کە عیراق بڕیاری ٦٨٨ی پەسەند نەبووە.[4]

هێزەکانی ئەمریکی و بریتانی لە٢٠ی نیساندا، گەیشتنە ناوچەکە، هێزە هاوپەیمانەکان بەتایبەت ئەمریکییەکان، جەختیان لەوە کردەوە کە چوارچێوەیەکی کاتیی توند بەسەر ئەم ئۆپەرسیۆنەدا بسەپێنن، ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە پێدەچوو لەسەر ئەندامانی هێزەکەی زۆر بکەوێ و مەترسییداربوو, لەناوەڕاستی تەموزدا، بەوهیوایەوە پاشەکشەیان کرد کە یەکە بچووکەکان لەپاسەوانی یوئێن UN، کە لەبیرخەرەوەکەدا

[4] S. Graham-Brown 1999 *Sanctioning Saddam: The Politics of Intervention in Iraq*. London: I.B. Tauris, 34-6.

ئاماژەیان بۆ کرابوو، رۆڵی چاودێر بگێڕن. حکومەتی عێراقیش بەهەمان شێوە – هەرچەندە بەئاشکرا بەهۆکاری جیاوازتر – سەبارەت بەرۆیشتنی هێزە بیانییەکان پێداگربوو. ئەوەش شرۆڤەی بەوخێراییەی پەسەندکردنی بیرخەرەوەکە MOU دەکات هەر لەسەرەتاوە. بەبارەگای پاسەوانی یوئێنیشەوە کە رێپێدانێکی زۆر سنورداریان هەبوو.

هەوڵە مەزنەکەی هاوکارییە مرۆییەکان لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانان و ناوچەی ئارام، ئامانجە راگەیاندراوەکەی خۆی بەدیهێنا، بەکۆتاییهاتنی ساڵی ١٩٩١، هەموو پەنابەرەکان بۆ زیدی خۆیان گەڕانەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، کێشە سیاسییە هەنوکییەکان و کێشە مرۆییە درێژخایەنەکان هەموویان بەتەواویی وەک خۆیان بێ چارەسەر مانەوە. پارتە کوردییەکان و حکومەتی عێراق لەبەدیهێنانی ئاشتیی لەریگەی دانوسانەوە نزیک نەبوون. هەروەها رەوشی ئاڵۆزی یاسایی و سیاسی ناوچەکە لەباکووری عێراق، لەسایەی شێوازی جۆراوجۆر لە پاراستنی نێودەوڵەتییدا، بووەهۆی بەدینەهاتنی ئاشتەوایەکی شیاوی سیاسی کە گرەنتییەکی هەمیشەیی نێودەوڵەتیی بۆ سەلامەتی دانیشتووانەکە بێنێتەدی. کێشەی ناوچەکە بەشیوەیەکی بەرتەسک لەرووی مرۆییەوە مامەڵەی لەتەکدا کرا، ئەوەش لەسەر حسابی چارەسەرێکی سیاسی هەمیشەیی. دانیشتووانەکە بەخانەی فەرامۆشی سپێردرابوون و بەو شێوەیە مانەوە، بەردەوامی گومان و ناجێگیریی ئاسەواری مەترسییداری لەسەر ئابووری هەرێمەکەو بوژانەوەی کۆمەڵایەتی هەبوو.













## دووەم: ئۆکتۆبەری ١٩٩١ – مایسی ١٩٩٤: هەوڵگەلێک بۆ بنیاتنانەوەی ئابووری و مەدەنی

دووەمین قۆناغ لە بەشداریی مرۆیی نێودەوڵەتیی نزیکەی هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی پارتە کوردییەکان بۆ بنیاتنانەوەی ئیدارەیەکی مەدەنی کاریگەر لەم قۆناغەدا. هاوکارییەکان بەئاراستەی ئەو هەنگاوانە رۆیشتن لەپێناو زامنکردنی نۆژەنکردنەوەی درێژخایەنی ئابووری، وێڕای هاوکارییە فریاگوزارییە کورتخایەنەکان (بەتایبەت بەدواداهاتنی پلانی زستانەی نەتەوە یەکگرتووەکان) کە تاڕادەیەکی زۆر مایەوەو پێدەچێت بەشی سەرەکیی چالاکییەکانیش بووبێت. کاریگەریی ئەو هەوڵانە بەجددیی بەهۆکاری فاکتەرە بنەرەتییە سیاسییەکانەوە سنووردار‌بوون، بەتایبەت ئەو گەمارۆیەی کە یوئێن خستبوویە سەر عێراق و هەروەها نائامادەگیی نێودەوڵەتیی بۆ دەستلەپشتدان و هاندانی قەوارەیەکی کوردیی لەخەمڕەخسیو و پەرەگرتوو لە باکوور.

لەنیسانی ١٩٩١دا، پارتە کوردییەکان لەگەڵ بەغدا کەوتنە دانوسان، بەڵام گفتوگۆکە لەئابدا شکستیخوارد. لەپاش پاشەکشەی دواهێزی زەمینی هاوپەیمانەکان لەئۆکتۆبەردا، سەرلەنوێ شەڕ لەنێوان سوپای عیراق و پارتە کوردییەکان لەنێو شارەگەورەکان و دەوروبەری دەستیپێکردەوە. پاش ئەوە حکومەت کرمەندە مەدەنی و هەروەها هێزە سەربازییەکانی لەزۆربەی ناوچەکانی باکوور کشاندەوەو گەمارۆی ئابووری بەسەردا سەپاند. ئەم پاشەکشەیە، باکووری لە بۆشاییەکی ئیدارییدا جێهێڵا، لەسەرەتادا ئیدارە لۆکاڵییەکان لەلایەن کۆمیتەی لۆکاڵییەوە بایەخی پێدرا کە لەلایەن بەرەی کوردستانی عێراقەوە دامەزرا (چەترێک بوو کە حیزبە کوردییەکانی لەژێردا کۆببۆوەو لەساڵی ١٩٨٧دا پێکهاتبوو). لەمایسی ١٩٩٢دا، کوردان هەڵبژاردنێکیان بۆ پارلەمانیکی هەرێمیی ئەنجامدا. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی پشتگیریی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکە دەربڕی، بەڵام هیچ دانپێدانانێکی سیاسی پێ نەبەخشی. ئەم نەبوونی دانپێدانانە،

گەشەکردن و جێگیریی و ئاسایشی لەهەریمەکەدا بەشێوەیەکی مەترسییدار سنووردارکرد. هەروەها ئەوەش هۆکاریکی سەرەکی هەرەسی ستراکچەرە مەدەنییەکان و هەلگیرساندنی شەڕیکی دژواربوو لەنێوان پارتە کوردییەکان لەساڵی ١٩٩٤دا.[5]

هەر لەسەرەتاوە، کاری پارلەمان و حکومەتە هەرێمییەکە بەهۆی ململانێی دوو پارتە براوەکەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ینک) لەمپەری هاتەڕێ. ئەم ململانێ و رکابەرییە بەشێوەیەکی بەرفراوان کشایە نێو کۆمەڵگاوە. ئەو دابەشبوونە فیفتی-فیفتی یەی کە بۆ کورسییەکانی کابینەکە لەسەری پێکهاتبوون، بەسەر هەموو پۆستەکانی دیکەی حکومەتدا سەپێنرا. لەوەش زیاتر، تەنانەت ئاژانسە هاوکارییە بیانییەکانیش بەشێوەیەکی رێکخراو لەلایەن بەرپرسانی حیزبەکانەوە داوایان لێدەکرا هەوڵی "دابەشبوونێکی دادپەروەرانەی زیاتری چالاکییەکانیان" لەتەواوی هەرێمەکەدا بدەن. بەواتایەکی دیکە، چالاکی هاوکارییەکانیان هەروەها بەشێوەی فیفتی-فیفتی دابەش بکەن. لاوازیی حکومەتەکە لەرووی توانای ئابووری و جێبەجێکردن و نفوزی سیاسییەوە، وایکردبوو سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە بڕیارەکانی پارلەمان پشتگوێ بخەن یان بڕیاری خۆیان لەپارلەمان بسەپێنن.

پرۆژەکانی بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوە بەدەست نەبوونی هەماهەنگییەوە دەیناڵاند. هەماهەنگییەک لەنێوان حکومەتی هەرێم و رێکخراوە ناحکومییەکان NGO لەلایەک، و هەروەها لەنێوان وەزارەتە جیاوازەکانی حکومەت کە لەئاوەدانکردنەوەدا بەشداربوون لەلایەکی ترەوە.[6] بەوەش، ئەو ناوچانەی کە بەشێوەیەکی رێژەیی گەیشتن پێیان لەسنووری تورکیاوە ئاسان بوو، بەتایبەت دەڤەری بادینان، لەوەبوو رێژەیەکی زیاتریان لە بەشە هاوکارییەکان پێگەشتبێت. ئەوانی دیکە، وەک ناوچە فرە دووردەستەکانی گەرمیان

[5] M. Leezenberg 1997.
[6] A. de Boer & M. Leezenberg (eds.) 1993 *Iraqi Kurdistan: The Need for Durable Development*. Amsterdam: Netherlands-Kurdistan Society

کە دەکەوتە خوار هێڵی ٣٦، هاوکاریی زۆر کەمتریان پێ گەیشت. هەوڵە تەرخانکراوەکان بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی پەرەپێدانی ناوەندیی کاریگەر سەرکەوتوو نەبوو و لەوەدا شکستیخوارد کە یارمەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان NGO بۆخۆی ڕابکێشێت.

شانبەشانی هەوڵە بوێرەکان لەبواری ئاوەدانکردنەوە، بەڵام تەنیا بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەرکەتووبوون. هاوکارییە فریاگوزارییەکان کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتیی ئەنجامیدەدان، بەردەوامبوون. چواچێوەی سەرەکیی هاوکارییە مرۆییەکان بریتیبوو لە بیرخەرەوەکەی MOU کە لەنێوان عێراق و یوئێندا هەبوو، ئەوەی کە لەپێشتر ئاماژەی بۆکراوە، ئەوەی ڕێگەی بە هاوکارییە فریاگوزارییەکانی وەک خۆراک و دەرمان و کەرەسە مرۆییە بنەڕەتییەکان داوە، ئەوەی کە دەبوو بەگوێرەی تواناو بەهەماهەنگیی و هاوکاریی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دابەشبکرایە. حکومەت تاڕادەیەک لەم بیرخەرەوەیە سوودی وەرگرت، چونکە ئەو کەرەسە هاوکارییە لۆکاڵییانە بەدراوی قورس پەیدا دەکرا. وێڕای ئەوەش، چالاکییەکانی یوئێن بەو ئاراستەی لاوازکردنی کۆنترۆڵی عێراقدا بوو بەسەر دانیشتووانەکەیدا. بەتایبەت بەدەزگاییکردنی زیاتری جیابوونەوەی دیفاکتۆی سێ پارێزگاکەی باکوور. لەمارتی ١٩٩٣دا، بەغدا نوێکردنەوەی بیرخەرەوەکەی MOU ڕەتکردەوە، ئەوەی کە تاوەکو ئەو کاتە ناوبەناو درێژدەکرایەوە. هەروەها ڕایگەیاند کە هەر ڕێکخراوێکی ناحکومیی NGO کە لەباکووری عێراق لەکارکردن بەردەوام بێت ئەوا بەشێوەیەکی نایاسایی لەوێ دەبێت. لەپاش ئەم ڕاگەیاندنە، چەند هەوڵێکی تیرۆرکردن لەدژی هەڵسوڕاوانی هاوکارییە مرۆییە بیانییەکان ئەنجامدرا، هەروەها لەدژی پاسەوانەکانی یوئێنیش. ئەم هێرش و پەلامارانە وەستێنران، بەڵام پاش ئەوەی لەمایۆی ١٩٩٤دا، شەڕ لەنێوان پدک و ینک هەڵگیرسا، گرفتگەلێکی نوێیان بۆ بەردەوامی کاری ڕێکخراوە ناحکومییە NGO بیانییەکان دروستکرد.

بەگوێرەی مەرجەکانی بیرخەرەوەکە MOU ڕێکخراوەکانی یوئێنی UN وەک: یونیسێف UNICEF و یونسکۆUNESCO و فاو FAO و دەڵیو ئێچ ئۆWHO و دەبلیو ئێف پیWFP (پرۆگرامی خۆراکی جیهانیی) چەند پرۆژەو هاوکاریی فریاگوزراییان ئەنجامدا. بەڵام هەندێک پرۆژەش بەرەو بونیاتنانەوەی ئابووری و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە ئاراستەکرا، وەک نۆژەنکردنەوەی خوێندنگاکان و دابینکردنی هەروەها ماوەی قەڵاچۆکردنی مێرووە کشتوکاڵییەکان چاکردن و خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ. یوئێن بایەخی بەچالاکی ڕێکخراوەکانیNGO دا، بەتایبەت لەکوردستانی عێراق، زۆربەی ئەم پرۆژانە لەسەر بنەمای ئەوەبوو کە بە "حیسابی ئەسکرۆ Escrow Account" ناوزەدکرا. بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ٧٧٨ زەمینەی بۆ ئەم حیسابە دابینکرد. ئەوەی لە تەرخانکردنی پارە بلۆککراوەکانی عێراقدا دەبینییەوە وەک فەندێکی گونجاو و هاوشێوەی ئەو بەشدارییە خۆبەخشانەی کە بۆهاوکارییە مرۆییەکان لەلایەن پارەبەخشە (دۆنەر) دەرەکییەکانەوە کرابوو. بەوەش فەندکردنی پرۆژەکانی هاوکاریی مرۆیی لەباکوور بەشێوەیەکی کاریگەر دووهێندە بوو. هەرچەندە، هاوکات سەروەریی عێراق زێدەتر لاوازبوو.

هەڵمەتەکانی یوئێن بەشێوەیەکی بەرچاو خاو و بێکاریگەرو تێچوونیشی زۆر بوو، ئەویش بەزۆری بۆ ئەو بیرۆکراتییە فراوانە دەگەڕێتەوە کە دەزگاکە لەخۆی گرتبوو. هەروەها هەموو گرێبەستەکان دەبوو لەلایەن کۆمیتەی گەمارۆکەوە ئەرێ بکرایە، ئەوەی زۆربەی کارەانی ڕەتدەکردەوە. لەئەنجامی ئەوەشدا، جێبەجێکردنی بەرنامەکانی هاوکاریی یوئێن بەئاراستەیەکی زۆر خاوو خلیچکدا دەڕۆیشت. بەهیواشی چالاکییەکانی یوئێن و ڕێکخراوی NGO بیانییەکان لەجەختکردنەوە لە دابینکردنی خۆراک و فریاگوزاریی و گێڕانەوەی پەناهەندەکان بۆ زێدی خۆیان دوورکەوتەوە. هەرزووش ڕەخنەی ئەوەکرا کە پاش گەڕانەوەی پەناهەندەکان، ئیدی هاوکارییە خۆراکییەکان چیدی پێویست نین،

هەروەک ئەوەی کە سیستمی دابەشکردنی خۆراکی عێراق لەجێگەی خۆیدا تاڕادەیەکی زۆر مایەوە. دابینکردنی درێژخایەنی فریاگوزارییەکان ریسکی زیاتری پشتبەستنی دانیشتووانەکەی بە خێرو دەستپانکردنەوە هەڵگرتبوو. پێویستبوون بە بەکارهێنانی بەڵێندەرە لۆکاڵییەکان لە دابەشکردنی بڕە هاوکارییەکاندا، ئەوانیش ئەو بەرپرسانەی حیزبە لۆکاڵییەکان و ئەو سەرۆکخێڵانە بوون کە پێیانەوە پەیوەستبوون، ئەوەش مەترسی هێنانەوەئارای مۆدێلە کۆنەکەو شێوازێکی نوێی مەحسوبییەتی لێکەوتەوە. لەراستییدا، ساڵانی دواتر، زێدەبوونی هەوڵەکان بۆ وابەستەگەرایی و ئیستغلالی سیاسی دابەشکردنی هاوکارییەکانی لەلایەن وەکیلە خۆماڵییە جۆربەجۆرەکانەوە بەخۆوە بینی.

نزیکەی دوو لەسێیەشی بودجەی یوئێن بۆ هەڵمەتە مرۆییەکان لە عێراق بەگشتی بۆ سێ پارێزگاکەی باکوور دەڕۆیشت. هەرچەندە لەچەند روویەکەوە ( بەتایبەت لەبواری تەندروستی و ئاوەڕۆو هەڵاوسان و پشێوی کۆمەڵایەتی) رەوشەکە لەناوەندو باشووری عێراق زۆر خراپتر بوو.[7] ئەم ناهاوسەنگییە بەشێوەیەکی تایبەت لەو گەمارۆیەوە سەرچاوەی دەگرت کە حکومەتی عێراق دژی ئەو ناوچانە سەپاندبووی کە لەژێر کۆنترۆڵی کوردا بوون. لەپاش راپەڕینی ١٩٩١، ناوچەکە لەبواری پشتبەستن بە بەغدا لەرووی دەستخستنی مادە خۆراکییەکان و بەرهەمانی نەوتەوە بەردەوامبوو. پێدانی ئەم مادەو کەرەسانە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١ەوە بەرەوسەر بەتەواوەتی وشکبوو. پاش ئەوەی لەسێپتەمبەری ١٩٩٢دا، یوئێن پلانی زستانەی دەستپێکرد، کە خۆی لەدابەشکردنی خۆراک و نەوتی سپیدا لەباکوور دەبینیەوە، ئەم بابەتانە بەزۆری لەلایەن یونیسێف و دەبلیو ئێف پی و رێکخراوی کێر CARE ی نێودەوڵەتییەوە دابەشدەکرا. لەگەڵ پلانی زستانە، زیاتر لە نیوەی پێدانە


---

[7] United Nations 1995b *United Nations Consolidated Inter-Agency Humanitarian Cooperation Programme for Iraq: Mid-Term Review*. Geneva, September 1995

خۆراكییەكانی یوئێن لەعێراقدا بۆ باكوور رەوانەدەكران. لەنێوان ساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤دا، لەكۆی ١,٣ ملیۆن ٧٥٠٠٠٠ سودمەندی پێدانە فریاگوزارییەكان لەكوردستانی عیراق دەژیان. بەوەش فریاگوزارییە بیانییەكان شوێنی بەشەخۆراكی حكومەتی ناوەندی گرتەوە. بەهەمان شێوە، رێكخراوی ئۆفدا OFDA ی سەر بەحكومەتی ئەمریكی، بەخێرایی بووە بانكێكی ناوەندی بۆ رێكخراوە ناحكومییە NGO بیانییەكان.[8] بەدەربڕینێكی دیكە، رێكخراوە بیانییەكان ئەركی جیاوازیان لە دەزگا پاشەكشەكردووەكانی دەوڵەتی عێراقییەوە وەرگرت و بەوەش زەمینەو ئاستی بەتایبەتییبوون/ Privatization زێدەتربوو. پێدەچێت ئەوە پێكدژترین پەرەپێدان بێت، یوئێن شوێنی بنەماكانی دەوڵەتی رەفاهی عیراقی گرتەوە، بەوەش بەرپرسیارێتی دەوڵەت سەبارەت بە دابینكردنی گوزەرانی هاوڵاتییەكانی لەباكوور گرتەئەستۆ. پاش جێبەجێكردنی دواتری بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی یوئێن، ئەم وەرچەرخانە لەبەرپرسیارێتییدا، لەتەواوی عێراقدا بەڕوونی دەركەوت.




[8] H. Bozarslan 1996 Kurdistan: économie de guerre, économie dans la guerre. In F. Jean & J.C. Rufin (eds.) *Économie des guerres civiles*. Paris: Hachette.




OYOTA



خاتوو لیسی شمیت لەنیسانی ١٩٩٤ لەعەربەت تیرۆرکرا


HAYAT



## سێیەم : ڕێکخراوە ناحکومییە NGO بیانییەکان و لەمپەرەکانی بەردەمیان

یەکێکی دیکە لە لەسیمای دووەمین قۆناغ بریتیبوو لە کاریگەریی ئابووری و دواتریش سیاسی ڕێکخراوە ناحکومییە NGO بیانییەکان و لۆکاڵییەکان، بەتایبەت پاش بەسەرچوونی ماوەی بیرخەرەوەکە MOU کە لەنێوان یوئێن و بەغدادا لەمارتی ١٩٩٣دا مۆرکرابوو. لەسایەی ئەو ڕەوشە جەمسەرگیرییە توندە، زۆر سەخت بوو، ئەگەر مەحاڵیش نەبووبێت، بۆ ڕێکخراوە مرۆییە بیانیەکان کە لەرووی سیاسییە بێلایەن بمێننەوە. یوئێن، بەتایبەت، ڕۆڵێکی ئاڵۆزو تەنانەت پێکدژیشی هەبوو بەو سیفەتەی کە دەزگایەک بوو گەمارۆو سزاکانی سەپاندبوو، هەمان کاتیش وەک رابەرێکی هەوڵە فریاگوزارییەکان بوو لەئاستێکی فراواندا. لەوەش زیاتر ، بەرنامە مرۆییەکان بەتوندی وابەستەبوو بەئەجێندای سیاسی هەندێک لەدەوڵەتە ئەندامەکانی، بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەهەمان شێوە، ئامانجی UNHCR (ئۆفیسی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناهەندەکان) بۆ گێڕانەوەو نیشتەجێکردنەوەی پەناهەندەکان، لەگەڵ سیاسەتی درێژخایەنی حکومەتی عێراقیی بۆ چۆڵکردنی گوندەکان و دەرکردنی دانیشتووانە ناعەرەبەکەی لەناوچەی کەرکوک، پێچەوانە بوو.هەر لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٥ەوە، ١٤٠٠٠٠ کەس لەخەڵکی دەرکراوی نێوخۆی کەرکوک لەسی پارێزگاکەی باکوور مابوونەوە کە لەبندەستی کورددا بوو.[9] دواجار، بوونی ڕێکخراوە NGO بیانییەکان لەباکووری عێراق پاش کۆتایهاتنی ماوەی بیرخەرەوەکە لەمارتی ١٩٩٣دا، وەک هەڵوێستێک وابوو بەدژی ڕژێمی عێراق.

---

[9] United Nations 1995a *United Nations Consolidated Inter-Agency Humanitarian Programme in Iraq: Extension of the Cooperation Programme for 1995-1996*. Document DHA/95/74, Geneva, March 1995

لەکاتێکدا، چالاکییە مرۆییەکانی ڕێکخراوە NGO بیانییەکان بەناچاریی بەسیاسەتەوە بارگاوییبوون. کارەکانی تووشی کۆتوبەندی ئابووری و سیاسی بوونەوە، ڕێکخراوە NGO بیانییەکان جەختیان لەسەر هەوڵەکانی بوژانەوەی کشتوکاڵیی کردەوە، ئامانجی سەرەکییان بریتیبوو لەهاندنی لادێییە ڕاگواستراوەکان بۆئەوەی موجەمەعەکان جێبهێڵن و بگەڕینەوە زێدی پێشوویان و ژیانێکی بەرهەمهێنانەو خۆپاڵپشتییانە دامەزرێننەوە. تەواو بەدەر لەو لەو گرفتانەی لەلاوازیی هەماهەنگییەوە هاتبوونەئارا، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و ژیانەوەی کشتوکاڵ ڕووبەڕووی چەندین لەمپەری بنەڕەتی بووەوە کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی درێژخایەنی ئابووری نێوخۆیی و نیودەوڵەتیی بنجی داکوتابوو. یەکەم، زۆربەی جار لەسەر ئەو هەڵە مەزەندەییە وەستابوو کە کەیسی شارنشینیی لەناوچەکە بەگشتی، ئەگەر نەوترێت بەتەواویی، سیاسی بووە. هەروەها دانیشتووانی موجەمەعەکان هەر کاتێک بۆخۆیان بتوانن دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان. دووەم، لەدوای پاشەکشەی حکومەت، ریفۆرمە یەکبەدوایەکەکانی زەوی بەداوای ڕکابەر بۆ هەمان پارچە زەوی، ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی هەرێم بووەوە، ئەو داوایانەی کە ئەوان لەدۆخێکدا نەبوون بۆیان چارەسەر بکرێت. ئەم جۆرە ناکۆکیی و ڕکابەرییانە دەیتوانی خۆی لە چەمکی زەق بەڵام پێکداچووی وەک ناکۆکیی و نیزاعی نێوان موڵکدارو جووتیار، یاخود تەنانەت کێشەی ئیتینیش، وێنا بکات.[10] دواجار هەوڵەکانی هاوکاریی لە کاریگەرییە وێرانکارییەکانی بازاڕی کشتوکاڵیی نێودەوڵەتیی کەمکردەوە، کە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان تاڕادەیەک هەرزان بوو، بەتایبەت لەتورکیا بەئاسانی لەبەردەستدا بوو. هەروەها چاندن و فرۆشتنی بەرهەمی نێوخۆیی بەتوندی بەهۆی نەبوونی دەرمانی مێروو و بەرهەمەکانی نەوتەوە لەئەنجامی گەمارۆی دوولایەنە، لەمپەری لەڕێدابوون. وێڕای ئەوەش، ژمارەیەکی زۆر لەگەندەکان بەسەرکەوتوویی ئاوەدانکرانەوەو گەلێکیش لەجووتیاران گەڕانەوە. ئەگەرچی ئەوەش لەو کاتەدا لەسەر

[10] Leezenberg 1997.

بنەمایەکی کاتیی بوو، بەڵام پەرەسەندنە ئابووری و سیاسییەکان دواتر روونیان کردەوە کە ئەو کشتوکاڵە خۆژێنییە تازەبوژاوەیە چەندە لاواز بوو!!

دەستێوەردانی راستەوخۆی سەربازیی وڵاتانی دەوروبەر، بەتوندی دەستکەوتەکانی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی رێکخراوە بیانییەکانی خستە مەترسییەوە. ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی کە لەسنورەوە، لەمارتی ١٩٩٥دا، لەلایەن سوپای تورکیاوە کە بەفەرمی ئامانجی کۆتاییهێنان بە بنەکەکانی گەریلاکانی پەکەکە بوو، ئەوە گرانییەکی بەرچاوی بۆ خەڵکی سیڤیلی عێراقیی نزیک سنوورەکە پێکهێنابوو. سەرچاوە جیاوازەکان مەزەندەی ئەوەیان کردووە کە بەتەنیا لەم ئۆپەراسیۆنەدا ٣٠ بۆ ٦٠ گوندی کوردییان لەنزیک سنووری تورکیاوە وێرانکردووە، هەروەها نزیک بە ٢٤٠٠٠کەس ناچاربوون لەناوچەکە هەڵبێن.[11] هەندێک لەو گوندانە بەو زووانە ئاوەدانکرابوونەوەو خەلکەکەیان گەڕابۆوە، لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەهاوکاریی رێکخراوە NGO ئەوروپییەکان. لەمارتی ١٩٩٣ بەرەوسەر، بەهەمان شێوە، ئێران تۆپبارانی رێکخراوی وەک ئۆپەراسیۆنی تیپەڕاندنی سنوور دژی بنکە گۆمانلێکراوەکانی گەریلاکان ئەنجامدا.

بەربەستێکی خراپی دیکە لەسەر چالاکیی رێکخراوە NGO بیانییەکان، زێدەبوونی سنووردارییەکانی سیاسەتی سنوورە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە. لە سێپتەمبەری ١٩٩٤دا، تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو رێگاکانی سەبارەت بەو بیانییانە توندکردەوە کە خوازیاربوون سەردانی هەرێمەکە بکەن. کارەکە وای لێهات هەر کارمەندێکی بیانیی یان رۆژنامەوانێک بۆئەوەی لەسنوور بپەڕێتەوە دەبوو لە ئەنکەرەوە رێپێدانی پێبدرێت. نارەزایەتیی رێکخراوە NGO بیانییەکان و حکومەتەکانیان لەوبارەیەوە کاریگەریی کەم بوو.

---

[11] UN 1995 b.

جەختکردنەوە لەسەر بوژانەوەی کشتوکاڵیی وایکرد تارێژەیەک شارەکان پشتگوێ بخرێن کە خەڵکێکی زۆریان تێدا دەژیان. بەگوێرەی وەزارەتی ئاوەدانکردەوە لۆکاڵییەکە، لەساڵی ١٩٩٥دا، نزیک بە ٢٨٠٠ گوند ئاوەدانکرابوونەوە.[12] سەرکەوتنێکی بەو شێوەیە نەدەتوانرا لەشارەکاندا ئیدیعا بکرێت. رووماڵێکی رێکخراوی ئۆفدای ئەمریکی لەساڵی ١٩٩٤دا پێشانیدەدات کە شارەکان رەوشێکی خراپی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەخۆوە دەبینن، بەتایبەت زۆربوونی زۆری خەڵکی هەژارو موحتاج لەشارەکاندا. زێدەبوونی بێکاریی و زۆربوونی خێزانە دەستکورت و هەژارەکان بایەخێکی فرەکەمی لەبەرنامەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی رێکخراوە NGO یەکان پێداربوو بەبەراورد بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان. دانیشتووانی شارەکان بەزۆریی پشتیان بەو بەشە خۆراک و هاوکارییانە بەستبوو کە لەلایەن یوئێن و رێکخراوە NGO بیانییەکانەوە دابەشدەکرا، هەروەها بەهۆی ئەو بڕەپارەو هاوکارییانەی کە لەلایەن خزمانەوە لەهەندەرانەوە دەنێردرانەوە. ئەم دۆخە، دەرفەتێکی گەورەی خستەبەردەم دەلاڵەکانی حیزب. دارمانی حکومەتە مەدەنییەکە لەساڵی ١٩٩٤دا، زیاتر شارەکانی بەرەو دۆخی پشێویی رانا و بووەهۆی بەرزبوونەوەی رێژەی تاوان. قەیرانە بەردەوامەکە بووەهۆی کۆچی بەکۆمەڵی توێژە خوێندەوارەکەی سەر بە چینی ناوەڕاست، ئەوانەی کە بەشێوەیەکی دیارییکراو لەرەوشە کەمتر جێگیرەکاندا، کۆمەڵگایەکی مەدەنی سەربەخۆتریان رێبەرایەتیی کردووە کە داوای گۆڕانکاریی کردووە. حیزب و لایەنەکان زۆر کەمیان کرد بۆئەوەی ئەم کۆچەی بیروهزر بوەستێنن، لەراستییدا، ئەم کۆچە بەشێوەیەکی زێدە بووە سەرچاوەی داهات و قازانجێکی تایبەت، وەک لەخوارەوە روونەبێتەوە.

[12] UN 1995 b.





South Kurdistan - Slemani سلێمانی - کوردستانی باشور





## چوارەم: ڕێکخراوە ناحکومییە NGO لۆکاڵییەکان و دەرفەتەکانیان

بەشی زۆری چالاکییەکانی ئاوەدانکردنەوە لەبەرامبەر چالاکییە فریاگوزارییەکان لەدەستی ڕێکخراوە NGO بیانییەکان و لۆکاڵییەکان و هەروەها حکومەتی هەرێمدا بوو کە لەساڵی ١٩٩٢دا، دامەزرابوو. کارلێکی نێوان ڕێکخراوە NGO بیانییەکان و لۆکاڵییەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت. ڕێحەزی ڕێکخراوە NGO بیانییەکان پشتگوێخستنی حکومەتە هەرێمییەکە بوو، هەروەها بەگشتی پێیان وابوو کە چالاکییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە NGO لۆکاڵییەکانی وەک کرۆ KRO و کرا KRA هەماهەنگیی بکەن، ئەوانەی کە زۆربەیان پەیوەستبوون بە پارتە سیاسییە سەرەکییەکانەوە. زۆرجار ڕێکخراوە NGO بیانییەکان بودجەیەکی زیاتر لە خودی حکومەتیان لەبەردەستدا بوو، ئەوەش بووەهۆی دامەزراندنی حکومەتێکی هاوتەریب کە بووەهۆی کاڵبوونەوەی چالاکییەکانی حکومەت و متمانەو میسداقییەتی دەزگا هەڵبژێردراوەکانی زیاتر لاوازکرد.

پارت و لایەنەکان خۆیان نەگلانە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو پێدانی هاوکارییەکان، جگە لەپێدانی یارمەتی بە ئەندامەکانیان و پێشمەرگەی دێرین و خزمەکانیان. ئەوان زیاتر ڕێکخراوە NGO لۆکاڵییەکانیان دامەزراند یان دەستیان بەسەرداگرتن، ئەوەی هەرزوو وەک سەرچاوەی داهات و قازانجێکی زۆرو ئامرازێک بۆ دامەزراندنی سیستمێکی وابەستەیی ئابووری و سیاسی تەماشادەکرا. هەرزوو شکات و گازەندەکان سەبارەت بەوە سەریانهەڵدا کە هەندێک بەرپرسی حیزبی و خزمەکانیان مامەڵەو بایەخی تایبەت و جیایان لەلایەن بەرپرسی ڕێکخراوە NGO لۆکاڵییەکان پێدراوە. بەوهۆیەی کە ئاکاری حیزبەکان لەماوەیەکی درێژدا خۆی لە بێمتمانەیی و ئیرەیی بەرامبەر یەک دەبینییەوە و لەنێوان ڕێکخراوە NGO لۆکاڵییە

وابەستەکانیاندا هاندەرێکی گەورە نەبوو بۆ پلاندانان و هەماهەنگیی چالاکییەکانان لەنێوان هەردوولایاندا. تۆمەتبارکردنی رێکخراو و دژبەیەک هەبوون سەبارەت بەگەندەڵیی و دزیی ئەو کەلوپەل وپارانەی بۆ ئاوەدانکردنەوە تەرخانکرابوون.

زیاتر چالاکیی رێکخراوە NGO کان لەناوچەی بادینان وابەستەی پارتی بوون کە لایەنگرانی پارتی لەو ناوچەیە زۆرتربوون. ینک دەیویست فەندی رێکخراوەکان بۆ ئەو ناوچەیە رابکێشێت کە بەناوچەی ئەو لەقەڵەمدەدرا، وەک ناوچەی قەرەداخ. لەوناوچانە کە هەردوو پارتەکە ئەندام و لایەنگری زۆریان هەبوو، پێدەچوو بەئاسانی ململانێی هەردوولا لەسەر هەژموون و باڵادەستی سیاسی و ئابووری رەهەندێکی چینایەتیی یاخود خێڵەکیی و عەشایەری بەخۆوە ببینێت. بەواتایەکی دیکە، رێحەزی ململانێ و رکابەریی نێوان پدک و ینک، بەئاراستەی قووڵکردنەوە یان بەتەواوەتیی ئیستیغلالکردنی ناکۆکیی و درزەکانی نێو کۆمەڵگا لۆکاڵییەکان دەڕۆیشت. بەوەش خولی یەکەمی شەڕی سەرەکیی نێوان پدک و ینک بەهۆی کێشەیەکی زەوییەوە لەقەڵادزێ هەڵگیرسا.[13] لەشارەکانیش، حیزبەکان هەوڵی زۆر ئاشکرایاندا بۆ قۆرخکردنی رێکخراوە مرۆییە لۆکاڵییەکان هەروەک چۆن هەوڵی قۆرخکرنی ژیانی سیاسییان دەدا. بۆنموونە، تەنیا رێکخراوێک پشتگیریی دارایی پێدەدرا کە رەنگ و ئاڵای ئەو حیزبەی پشتگیرییەکەی پێداوە، بکەن بەبارەگاکەیانەوە.

بەکورتی، بواری دابەشکردنی هاوکارییە مرۆییە بیانییەکان بەخێرایی بووە مەدیان و ئامرازی رکابەریی نێوان پارتە سیاسییە لۆکاڵییەکان، کە بەزۆری لەرێگەی نوێنەرایەتی رێکخراوە NGOکانی خۆیانەوە کاریان دەکرد. هەرچەندە، بکەرە سەرەکییەکان بریتیبوون لە دوو زلحیزبە حوکمڕانە کوردییەکە: پدک و ینک. هەروەها مەحسوبییەت ئەو هەوڵانەشی گرتەخۆ کە بۆ ئیستغلالکردنی

[13] Leezenberg 1997: 66.

فاکتەرە ئیتنیی و ئاینییەکان دەدران. بەوەش ڕێکخراوە NGO کانی تورکومان و ئیسلامییەکان پێدانی هاوکارییە مادیی و داراییەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە وەرگر بەڵگەنامەیەکی واژۆ دەکرد کە خۆی بە تورکومان لەقەڵەم بدات، یان لەچک و حیجابی ئیسلامیی بپۆشن و بەشێوەی ئەوان هەڵسن و دانیشن و ڕەفتاربکەن.

بەوەش ڕێکخراوە NGO لۆکاڵییەکان بوونە ئامرازێکی بەهێزی مەحسوبییەت و یارمەتی قۆرخکاریی هەوڵە مرۆییەکانیان بۆ بەرژەوەندییە حیزبییەکان دا. هاوکارییە مرۆییەکان لەخودی خۆیدا ئەو بەزم و گرفتانەی نەخولقاند، ئەوەی کە بەشێکی ئەنجامی ئەو هەوڵە پێکدژانە بوون کە بەدرێژایی سی ٣٠ ساڵی حوکمی بەعس و ئەو وەرچەرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییە کتوپڕە بوو. وێڕای ئەوەش، ئەوەی وایکرد ئەم ڕەوشە خراپتربێت بریتیبوو لە تێڕژانی ئەو ملیۆنەها دۆلارو دراوە قورسانە بوو بۆ ناوچەکە، لەگەڵ ئەرکی دابەشکردن و تایبەتکردنی هاوکارییەکان و گرێبەستەکانی ئاوەداکردنەوە. هەڵسوڕاوانی بیانیی هاوکارییە مرۆییەکان بەباشی ئاگاداری ئەم گرفتانە بوون، بەڵام دامابوون و نەیاندەزانی چۆن بەشێوەیەکی کاریگەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. ئەو ڕێکخراوە NGO لۆکاڵییانەی سەر بە حیزبەکان بوون، ڕێگرییان لەهەوڵەکانی ڕێکخراوە NGO بیانییەکان دەکردکە سیستمێکی هەماهەنگیی و چاودێریی کاریگەر دابمەزرێنن. بەتایبەت پێشنیاری بیانی بۆ دامەزراندنی سکرتارییەتێکی هەمیشەیی بۆ ڕێکخراوە ڕێکخراوە NGO ئەورووپییەکان کە وەک بریکارێکی سەرەکیی بۆ پەیوەندی و هەماهەنگیی، بەتوندی ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی بووەوە.[14]

بەهۆی ئەو قازانجە مادییەی کە لەئەنجامی بەشداربوون لە پرۆژەکانی ئاوەدانکرنەوەدا دەستدەکەوت، دەسەڵاتی لۆکاڵی حیزبەکان بەپێچەوانەی دەسەڵاتی حکومەتەوە تۆکمەو پتەوکران، بێگومان ئەوەش بێ مەبەستی ڕێکخراوە NGO بیانییەکان. لەوەش

---

[14] A. de Boer & M. Leezenberg (eds.) 1993: 82-83.

زیاتر، رێکخراوە NGO لۆکاڵییەکان بوونە فاکتەرێکی گرنگ لەئابوورییە گۆڕاوەکەدا. ئەوان لەزۆربەی کاتدا، بۆ بەرژەوەندی تایبەت هەڵدەسوڕان و بوونە جۆرێک لەبەڵێندەرو گرێبەستکار کە لەلایەن سەرمایەی بیانییەوە پاڵپشتیی و سپۆنسەر دەکران. ئەمە زیاتر بووەهۆی پوچبوونەوەی ستراکتۆری حکومەتە فەرمییەکە. بەمانایەکی دی، ئەوان میراتگری ئەو بەڵێندەرە تایبەتانە بوون کە پێشتر لەلایەن حکومەتی بەعسی عیراقییەوە پارەیان پێدەدراو ئێستاش لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دەیاندرێتێ.




KRO CARITAS
SCHOOL

# پێنجەم: لەمەحسوبییەتەوە بۆ قۆرخکاریی توند. ساڵەکانی پشێویی

سێیەمین قۆناغی دەستێوەردانی مرۆیی تێکچوونی ئاشکرای ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و پاشەکشەی وردە وردەی ڕێکخراوە NGO بیانییەکان و زێدەبوونی کەموکوڕیی فەندی پرۆژەکانی یوئێنی بەخۆوەبینی. هەروەها هەڵکشانی پێشێلکارییەکان و ئیستغلالی پێدانی یارمەتییەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکان و میلیشیاکانیانەوە. لەمایسی ١٩٩٤دا، شەڕیکی بەرفراوان لەنێوان پدک و ینک هەڵگیرسا. هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ نێوندگیریی و بەهێزکردنی حکومەتی هەرێک شکستیخوارد. ئەوەش بەشێکی بەهۆکاری ئەوەبوو کە تورکیا ئەوەی پێی کرا کردی بۆئەوەی ڕێگە لەسەرهەڵدانی دەوڵەتۆکەیەکی کوردیی بگرێت. لەدیسەمبەردا، خولێکی نوێی شەڕ دەستیپێکرد، کاتێک دواترینک توانیان پاش شەڕێکی توند پدک لە هەولێر دەربکەن. دەستێوەردانی دەرەکیی زێدەتربوو، سوپای تورکیا پەلامارێکی فراوانی ئەنجامدا و ئێرانیش بەهەمان شێوە دەستێوەردانی کردو چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لەسنورەکانەوە لەنێوان ئاب و دیسەمبەری ١٩٩٥دا، ئەنجامدا.

لەشکری پارتی لەگەڵ گەریلاکانی پەکەکەدا لەچەند شەڕێکی دژوارەوە تێوەگلان. سەرنجڕاکێشترین رووداو بریتیبوو لە گرتنی هەولێر لەلایەن پارتییەوە لە٣١ی ئابدا بەهاوکاریی سوپای عێراق. بەکورتی، وادەردەکەوت کە ینک بەتەواویی دادەڕمێت، بەڵام لەمانگەکانی داهاتوودا دەستی بەسەر بەشێکی ناوچە لەدەستچووەکەی گرتەوە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧دا، دوو دەسەڵاتی کارگێڕیی جیاواز لەناوچەکەو لەژێر کۆنتڕۆڵی پدک و ینک بەجیا دروستبوون. هەریەک لەو کارگێڕییانە کەمێک لەو ڕێکخراوە حیزبییانە زیاتربوون کە وێنای مەکتەب سیاسییان دەکرد. ئاشکراشە کە هیچ یەک لەوانە دانی بەرەوایەتیی ئەوی دیکەدا نەدەنا.

هەڵگیرساندنی شەڕی کراوە لەنێوان پدک و ینک لەمایسی ١٩٩٤دا، بەشێویەکی جددی لەمپەری خستەبەردەم چالاکیی هاوکارییە بیانییەکان لەهەرێمەکەدا. بەهۆی کەمی ئاسایش، سەلامەتی پێویستی هاتوچۆی کارگوزارانی هاوکارییەکان بەجددی سنوورداربوو، ئەوەی تەنانەت پاسەوانەکانی یوئێنیش نەیاندەتوانی زۆر بەڕوویدا بوەستنەوە. هەندێک لە رێکخراوە NGO بیانییەکان لەەنجامی شەڕی نێوخۆیی بڕیاریاندا چالاکییەکانیان بوەستێنن. کاتێک نامەیەکی ناڕەزایەتی ئاوەڵا لەدژی تێوەگلانی ئێران لەشەڕەکاندا لەلایەن ژمارەیەک لەچالاکەکانی رێکخراوە NGO بیانییەکان لەسلێمانی بڵاوکرایەوە، ئەو نامەیە کاردانەوەیەکی توندی لەلایەن پدک لێکەوتەوە، ئەوەی کارەکەی وەک بەسیاسییکردنی هاوکارییە مرۆییەکان و دەستێوەردانی لەکاروباری نێوخۆ پرۆتیستۆ کرد. هەروەها چەندین رێکخراوەکانی NGO دواتر ناچاربوون چالاکییەکانیان بوەستێنن یاخود رێگەی دیکە بۆ هێنان و بردنی یارمەتی و کەلوپەلەکانیان بگرنەبەر.

گرتنی سلێمانی لەلایەن پارتییەوە لەسێپتەمبەری ١٩٩٧(١٩٩٦ /سەردەشتی)دا، بووەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی نوێ و تاڕادەیەک کورتخایەن. هەتاوەکو پاشتر ینک شارەکەی خستەوە بندەستی. زیاتر لە ٥٠٠٠٠ کەس پەنایان بۆ کەمپەکانی سەرسنوری عێراق برد. گرتنی سلێمانی لەلایەن پارتییەوە وایکرد زۆر لە رێکخراوەکانی NGO بڕۆن، بەتایبەت هەموو رێکخراوەکانی NGOکانی کە ئەمریکا پاڵپشتی دەکردن کشانەوە. ئەوەش بووەهۆی بڕینی نزیکەی ٢٥-٣٠ ملیۆن دۆلار لەو داهاتە ساڵانەیەی کە دەچووە سەر ئابووری هەرێمەکە. هەروەها ئەمریکییەکان ٢٥٠٠ کوردی عێراقییان بردە دەرەوە، ئەوانەی کە یان لەگەڵ هێزە سەربازییە هاوپەیمانەکان کاریان دەکرد یاخود کاریان بۆ رێکخراوەکانی NGO ئەمریکییەکان دەکرد. هەرچەندە ئەو رێکخراوە NGO ئەوروپییانەی مابوونەوە، تاڕادەیەکی زۆر لەکارەکانیان بەردەوامبوون. ئاشکرایە کە پارتی پاش ئەوەی دەستی بەسەر بنکەو بارەگانی یەکێتیدا گرت، پەرۆشی

مانەوەی ڕێکخراوەکانی NGO بوون و هچ لەمپەرێکیان نەخستە پێشیان.

شەڕی نێوخۆیی پارتەکان زیانی ڕاستەوخۆی لەژێرخانی شارەکاندا بوو، زۆربەتایبەتیش نەخۆشخانەی سەرەکی هەولێر کە نزیک خاڵێکی پشکنین بوو، ئەوەی شەڕی زۆر توندی بەخۆوە بینی بۆ دەستەبەسەرداگرتنی. نەخۆشخانەکە بەهۆی ئەو گولەی وێڵ و تۆپبارانەکانەوە زیانی زۆری بەرکەوتبوو، هەروەها هەواڵی ئەوەش هەبوو کە لەلایەن میلیشیا چەکدارەکانەوە تاڵانکراوە. هەروەها هەوڵگەلێکی ئاشکرای زۆریش هەبوو بۆ ئیستیغلالکردنی ڕەوشی خراپی خەڵکەکە بۆ مەبەستی سیاسی و سەربازیی. بەوەش لەسێپتەمبەری ١٩٩٦دا، ینک کارەبای هەولێری بڕی، ئەوەش بووەهۆی بڕینی ئاوو ئاوەڕۆی شارەکەو کێشەی تەندروستی نوێی بۆ دروستکردن. ئەوەی زیاتر بەربڵاوتر بوو، دانانی خاڵی پشکنین بوو، ئەوەش بارگرانیی و زێدەبوونی باج و سەرانەی لەسەر کەسانی هاتوچۆکار و کەرەسەو بابەتی هاوکارییەکان دروستکرد. هەروەها لەهەندێک کاتیش دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەل و یارمەتییەکان یان گێڕانەوەی کاروانەکان ڕوویدەد.

هەرچەندە، شەڕی نێوخۆ لەپلەی یەکەم بەهۆی چاوتێبڕینی هەرێمیی و خواست لەسەر کۆنترۆڵکردنی بازرگانی قازانجهێنەری نەوت بوو بەدرێژایی سنوور لەگەڵ تورکیا، بەڵام لایەنەکان هەروەها هەوڵیاندا، کۆنترۆڵی خۆی بەسەرهاتن و دابەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان زێدەتربکەن و بەشێوەیەکی گشتی سوودی لێ وەربگرن. بەواتایەکی دیکە، ئەوان بەرژەوەندییەکی زۆریان لەمانەوەی ڕەوشی قەیرانەکەدا هەبوو تاوەکو بتوانن هێزە سەربازییەکانیان بەکاربهێنن بۆئەوەی زیاتر دەست بەسەر بازاڕەکان و هێڵەکانی هاتوچۆی کەلوپەلەکان بگرن و خەڵکەکە بەلاوازیی و دەستەمۆیی بهێڵنەوە. بەو شێوەیە، پشێوییە نێوخۆییەکەیان لەگەڵ ئەو دەرفەتانە قۆزتەوە کە دەستێوەردانی هاوکارییە مرۆییەکان هێنابوویەئارا، تاوەکو سیاسیەتی (قۆرخکاریی دڕندانە / Predation ) پەرەپێبدەن، ئەوەی کە خۆی لەشێوەی

ناڕەوای بەدەستهێنانی قازانجی تایبەت دەبینیەوە لەڕێگەی فرۆشتنی شمەکی گشتی و لەڕێگای وەرگرتنی باج و سەرانە لەخەڵکی ناوچە شارنشینەکان.[15] ئەم قۆرخکارییە دڕندانەیە کاریکردە سەر هاوکارییە مرۆییەکان، لەزۆربەی ناوچە جیاوازەکان میلیشیا حیزبییەکان خاڵی پشکنینیان دادەناو باجی سەر کەلوپەلەکانیان بەرز دەکردەوە کە بەرەو لاکەی دیکە دەڕۆیشت. بەڵام ئەوە هەر حیزبەکان نەبوون کە ئاشیان لەو پشێویی و پاشاگەردانییەدا دەگەڕا، میرەکانی جەنگ لەناوچە شارنشینەکان، ئەوانەی لەلایەن حیزبیکی رکابەرەوە پشتگیریی دەکران یان بۆخۆیان مللانێی نێوان حیزبەکانیان دەقۆزتەوە، بێئەی سزایەکیان بدرێ، لەمپەریان لەسەرە رێگاکان دادەناو دەستیان بەسەر ئۆتۆمبێل و شمەک و کەلوپەلەکانیاندا دەگرت، یان پارەو سەرانەیان لەخەڵکە سڤیلەکە دەسەند.

بوونی رێکخراوە یوئێن و رێکخراوە NGO بیانییەکان دەرفەتێکی بێوێنەی خستبووە بەردەم پارتە لۆکاڵییەکان تاوەکو بەرژەوەندییە سیاسییە تایبەتییەکانی خۆیان بێننەدی و قازانجی مادیی و ئابووری بەدەستبێنن، ئەوان ئەو خەڵکەیان نەک هەر پشتگوێخستبوو، بەڵکو بەتوندی ئیستغلالیشیان دەکرد کە گوایە ئەمانە نوێنەرایەتییان دەکەن. کەمبوونەوەی پاڵپشتیی و هاوکارییە مرۆییەکان کەمتر جێگەی نیگەرانی حیزبەکان بوو. وێڕای ئەوەش، نەیاندەتوانی بەتەواوەتی ئەوە پشتگوێبخەن، ئەوە جگە لە بێزاریی خەڵکە لۆکاڵییەکە یان رێکخراوە مرۆییەکان. بەو شێوەیە، ئاکارو هەڵوێستی حیزبە لۆکاڵییەکان لەسەر ئەوە بەندبوو کە تاکو چەند چنگیان لەو پاشماوەیەی هاوکارییە مرۆییەکان گیردەبێت کە بەردەوامبوو. پاش ئەوەی تێبینیانکرد کە هیچ یەک لەو لایەنانە ئەوی دیکەی بۆ لەزەوی نادرێت، گەیشتنە جۆرە ئاگربەستێک ، لە ساڵی ١٩٩٧دا، هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوانیاندا دانرا. بەوەش، رەوشی ئەو رێکخراوە مرۆییە بیانییانەی مابوونەوە بڕێک باشتربوو.

---

[15] Bozarslan (1996: 113).

بەم شێوەیە، پارتە کوردییەکان عێراقییەکان سەرچاوەکانی بەردەستیان لەهاوکارییە مرۆییەکان و قاچاخچێتییدا بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانداو لەسەرحسابی نەهامەتی دانیشتووانەکە بەکاردەهێنا. هەرچەندە، بەتێپەڕینی ساڵان، ژمارەیەکی کەم لەو لایەنە هەڵسوڕاوانە نێگەرانبوون لە ئیستغلالکردنی خەڵک هەروەک حکومەتی عێراق. لەوناوچانەی کە لەبەردەست حکومەتی بەغدادا مابووونەوە، سیستمی بەشە خۆراکیی مابووەوە. هەتاوەکو لەساڵی ١٩٩٤دا، کەمی پاڵپشتیی مادیی بەشێوەیەکی مەترسییدار لەساڵی ١٩٩٤دا، بووەهۆی کەمبوونەوەی مادە خۆراکییەکان، ئەوەش بووە کەوتنەوەی هەڵاوسانێکی زۆرو دابەزینێکی زۆری بەهای دراو.[16] بەام حکومەت لەرێگەی سیاسەتی دراوییەوە، بارگرانیی گەمارۆکەی خستە سەرشانی خەڵکەکە. زۆربەی مادە خۆراکییەکان و تەنانەت دەرمانیش لەبازارە لۆکاڵییەکان بەئاسانی دەستکەوت، بەڵام ژمارەیەکی کەم لەخەڵک توانای کڕینیان هەبوو. بەم شێوازەو چەنیدن شێوەی دیکە، حکومەتی عێراق توانی سوود لە نەهامەتیی و ئازاری خەڵکەکە ببینێت، لەکاتێکدا ئەو خۆی لەهەر بەرپرسیارێتییەک دەدزییەوە سەبارەت بەو رەوشەی تێیدابوون و بەو چارەنووسەشی تووشیان دەبێت. سەپاندنی گەمارۆی نێوخۆیی بەسەر پارێزگاکانی باکووردا، وایکردبوو حکومەتی بەغدا خۆی لە بەرپرسیارێتیی بەردەوامی دابینکردنی بەشە خۆراکیی ٢٠% وڵاتەکەی بدزێتەوە. یدی ئەوە رێکخراوە مرۆییەکان و حیزبە سیاسییە لۆکاڵییەکان بوون کە ئەو بەرپرسیارێتییەیان کەوتبووە دەست.

گەمارۆ نێوخۆییەکەو ئەوەی بەدوایداهات لەکڕینی بەنزینی عێراق لەلایەن یوئێنەوە بۆ باکوور، هاندانی جۆرەها "وەبەرهێنانی تایبەت"یدا، کۆمپانیای باڵادەست لەبواری بازرگانی و قاچاخچێتیی لەهەردوو بەری هێڵی تەماسەوە. ئەوانە زیاتر وەک رێکخراوێکی قازانجخوازی رواڵەتیی بوون کە بۆ دەوڵەمەندبوونی شەخسیی و

[16] S. Graham-Brown 1999 *Sanctioning Saddam: The Politics of Intervention in Iraq*. London: I.B. Tauris, 166.

خزمان و دۆستانی ئەوانە دانرابوون کە لەدەسەڵاتدابوون، چ لەباکوور و چ لەنێو حکومەتیشدا. پیاوەکانی ئەوانەی کە دەیانتوانی بگەنە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی لەحیزبدا، توانییان بەئاشکرا قەیرانەکان لەپێناو خولقاندن و بەردەوامی پێدانیاندا بقۆزنەوە، ئەوەی کە بەشێکی بەرپرسیارێتییان لەئەستۆدابوو. هەوڵەکانی هاوکارییە مرۆییەکان لەباکوور، هانی ئەم جۆرە دەستکەوتنانەی قازانجیان دا لەڕێگەی ئەو بڕە زۆرەی دراوی قورسەوە کە بەنێو ئابووری هەرێمەکەدا بڵاوکرابۆوە. لەهەمان کاتیشدا، کاریگەرییە خراپییەکانی لەسەر دانیشتووانە سیڤیلەکە کەمکردەوە. لەڕاستیدا، زۆر رێکخراوە هاوکارییە مرۆییە بیانییەکان، سەرچاوەیەکی شاراوەی قازانجی تایبەتی بەشێوەیەکی گەورە هێنایەئارا. بەتێپەڕینی ساڵانێک، چەند ملیار دۆلارێک وەک هاوکاریی گەیشتە ناوچەکە، وێڕای ئەوەش، پێدەچێت کە تێڕژانی ئەو هاوکارییە مادییانە نەبووبێتە هۆی دەرکەوتنی رێحەزو ئاراستەی نوێی کۆمەڵایەتی - ئابووری هێندەی ئەوەی کە ئاسانکاریی بۆ ئاراستە هەنوکەییەکە کرد، بەتایبەت: مەحسوبییەت و بەتایبەتییکردن و قۆرخکاریی توندوتیژ یان جەردەسالاریی. زۆربەی بەرپرسیارێتییەکان بۆ سیستمی رەفاهییەتەکە یان ئەوەی کە لێی بەجێمابوو، دوور لەدەسەڵاتێکی نیشتیمانیی و هەرێمیی، کەوتەدەست رێکخراوە بیانیی و ئەو بەڵێندەرو وەبەرهێنانەی هاوپەیمانیانبوون (ئەوانەی زۆربەی جار پیاوی وابەستەی حیزب بوون )، ئەوانەی پارەو قازانجێکی موفتیان لەبوونی ئەو هاوکارییە مرۆییانەو پێویستییەکان کرد.








NASKURD
HAWLER GOVERNORATE

# بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش: فریاگوزاریی یان بەرهەمهێنانەوەی وابەستەیی

لەساڵی ١٩٩٧دا، هەلومەرجەکە بڕێک باشتر بوو، ئەوەش تاڕادەیەکی زۆر بۆ بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە فرۆشتنی بڕێکی دیارییکراو لە نەوتی خاو لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە. دەبوو داهاتەکەی لەژێر کۆنترۆڵی توندی یوئێندا بمایەتەوە بۆئەوەی لەبواری هاوکاریی مرۆیی بۆ خەڵکی عێراق بەکاربهێنرێت، هەروەها بۆ پێدانەوەی زیانەکان و بۆ بەرنامەی پشکنینی چەک لەلایەن یوئێنەوە. لەوەش زیاتر، بڕیاروابوو لە هەر ملیارێک دۆلار ١٥٠ملیۆن دۆلاری بۆ سێ پارێزگاکەی باکوور تەرخان بکرێت کە لەبندەستی حوکمڕانی کوردییدا بوون. ئەم تێکەڵکردنەوەی لایەنە مرۆیی و سیاسییەکان، هەزمکردنی بڕیارەکەی بۆ حکومەتی عێراقیی گرانترکرد، ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ پەسەندکردن و جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕەتکردەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی سەروەریی نیشتیمانیی وڵاتەکەی. هەرچەندە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٥دا، عێراق بیری خۆی گۆڕی و لەمایۆی ١٩٩٦دا، گەیشتنە ڕێکەوتن. بەوهۆیەی کە حکومەت ڕووبەڕووی دۆخێکی دارایی قورس و مەترسییدار بۆتەوە. هەربۆیە جگە لەپەسەندکردنی بڕیارەکە هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو. ئەو دەیویست خۆی لەڕوودانی پشێویی کۆمەڵایەتیی بەدووربگرێت.

لەبەر چەند هۆکارێکی ئاشکرا کە پەیوەستە بەدەستکەوت و قازانجی کورتخایەن، حکومەتی عێراقیی و هەروەها ئیدارە کوردییەکان وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ بڕیاری ٩٨٦دا کرد، وەک ئەوەی بڕیارەکە کەمێک زیاتربێت لە لیستی کڕینی پێویستییە خۆراکیی و فریاگوزارییەکان تاڕادەیەکی زۆر ڕووی ئامانجی پەرەپێدانی درێژخایەنیان پشتگوێخست. گرێبەستەکان، وەک باوبوو دەدرایە

کۆمپانیا تایبەتەکان نەک ڕێکخراوە NGO کان، بەواتایەکی دیکە، بڕیارەکە هەڵمەتی ئەو بەتایبەتییکردنەی پتەوترکرد کە لەهەشتاکاندا هەبوو. لەوەبوو کە حکومەتی بەغدا دەستی لەئابووری هەڵگرتبێت، بەڵام ئامانجی لەپرۆسەکە بەدیهێنانی دواڕادەی کاریگەریی سیاسی بوو. بەوەش داوایکرد، ناوەندەکانی دابەشکردنەوە بۆ باکوور لە ناوچەکانی بندەستی حکومەتی عێراق خۆیدا بێت و هەموو هاوڵاتییەکان، بەدەر لەپێویستەراستەقینەکانیان، بەشە خۆراکی یەکسانیان پێبدرێت. ئاکامی ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر فریاگوزاریی کورتخایەن و ئیستغلالکردنی بۆ مەبەستی کۆنترۆڵی سیاسی هەرزوو دەرکەوت. پاش ئەوەی هەواڵی ڕێکەوتنەکە گەیشتە باکوور، نرخی مادە خۆراکییەکان و نرخی دراوی بیانی بەتوندی دابەزی. مارکێتە لۆکاڵییەکان پڕبوون لەکەرەسەی خۆراکیی بیانی هەرزان، ئەوەی هەڕەشەیەکی مەترسییداری کردە سەر ژیانی بەرهەمهێنەرە کشتوکاڵییە لۆکاڵییەکان. بەدەربڕینێکی دیکە، کەرتی کشتوکاڵیی کە بەو زەحمەت و نارەحەتییە بوژابۆوە، لەیەکەمین قوربانییەکانی دەرچوونی ئەو بڕیارە بوون. بەم شێوەیە، ئەو سەرکەوتنانەی کە لەبواری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بەو زەحمەتە هاتبووەدی، جارێکی دیکە، کەوتنەوە بەرمەترسیی.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا، فەرمانڕەوایانی باکوور متمانەیەکی نوێیان پەیداکرد. ئەو داهات و هەلی کارە نوێیانەی کە جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ هێنایەئارا، ئازادییەکی زیاتری بەخشییە حیزبە کوردییەکان تاوەکو خۆوەردەنە پرۆژە ژێرخانییەکانی لەناوچەکە ئەنجام دەدرا. جیگیرییەکی سیاسی ڕێژەیی بەئاگربەستی ساڵی ١٩٩٧ و ڕێکەوتننامەی واشنگتۆن لەساڵی ١٩٨٨دا، هاتەئارا. وێڕای ئەوەش، لەپشت بوونی وێنای دەوڵەتێکی بوژاوەدا، پایەی بونیادێکی نوێ لەئاسۆ دەرکەوت کە دەسەڵات و سامانی تێدا بەشێوەیەکی نایەکسان، دابەشکرابوو.





# دەرئەنجام

دەستێوەردانی مرۆیی لەکوردستانی عێراق سروشتێکی پێکدژیی هەبوو، هەروەها دەرئەنجامی پێکدژیشی لێکەوتەوە. وێڕای ڕاگەیاندنی کارەکتەری مرۆیی ئەو دەستێوەردانە، قۆناغی یەکەمی پاڵنەرێکی سیاسی روونی لەپشتەوە بووە. ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە بەگشتیی یوئێن لە عێراق رێبەریی دەکرد، ئامانجی رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاسەوارە کارەساتبارانە بوو کە لەکاتی جەنگی کەنداودا بەسەر ژێرخانی وڵاتەکەدا هاتبوون. هەروەها بۆ سوککردنی بارگرانیی ئەو گەمارۆیەی کە خودی یوئێن لە ئابی ١٩٩٠دا، بەسەر عێراقدا سەپاندبووی. لەباکووریش، هەوڵە مرۆییەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی پەنابەران بوو کە لەبەهاری ١٩٩١دا، سەریهەڵدا، لەپاش ئەوە گەمارۆ نێوخۆییەکەش کە لەئۆکتۆبەری ١٩٩١دا، لەلایەن بەغداوە سەپێنرا. دەستێوەردانە مرۆییەکان رێحەزو ئاراستەی درێژخایەنی کۆمەڵایەتی-ئابووری و سیماکانی کۆمەڵگای عێراقی پشتگوێخستبوو، تەنیا ئەوەی زۆر بەهێواشی بەئازارەوە بۆ دەرکەوت. ژمارەیەکی زۆر رێکخراوە NGO بیانییەکان دەستێوەردانیان لەکوردستانی عێراقدا کرد بەهۆی ئەو هاوسۆزییە ئاشکرایەی کە لەگەڵ نەهامەتییەکانی کورد هەیانبوو و هەروەها خواستی راستەقینەیان بۆ بەدیهێنانی جێگیریی و دیموکراتی لەناوچەکە. لەو پێکدژییانەش ئەوەیە کە ئامادەگیی ئەوان بەبێ مەبەست و بەچەندین شێوە لەلاوازبوونی ئیدارە هەرێمییە هەڵبژێردراوەکەدا، بەشداریکرد.

پێکەوەکۆکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی فریاگوزاریی مرۆیی کە یوئێن رێبەریی دەکرد، لەگەڵ ناوچەی ئارام کە هاوپەیمانان دایانمەزراندو یوئێن رەزامەزندی لەسەر دەرنەبڕی، ناوچەکەی کردە ستاتۆیەکی ناوازەو نائاسایی. هەردوو پرۆسەکە کە خۆیان وەک دوو هەوڵی خاوەن کارەکتەری مرۆیی رووت پێشانداو بەوەش هەر لەسەرەتاوە،

بوون بە لەمپەر لەبەردەم چارەسەری هەمیشەیی کێشە سیاسییەکان. خۆبەدوورگرتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەهاندانی سیاسی کوردستانی عێراق، کاریگەریی لەسەر بونیاتنانەوەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەو بوژانەوەی درێژخایەنی ئابووری هەبوو، وەک رێگایەک بۆ دەرچوون لەو میحنەتەی تێیدان.

پارتە خۆجێیەکان بەپەلە کەوتنەخۆ بۆ ئەوەی ئەم دۆخە ناوازەو پڕنەهامەتییە بۆ قازانجی خۆیانب قۆزنەوە، ئەو قازانجە زۆرە مادیی و داراییەی دەستیانکەوت، لەگەڵ ئەو نفوزە سیاسییەی کە دەتوانرا لەڕێگەی هەوڵە مرۆییەکانەوە بەدەستیبێنن، سەلماندی کە بۆ سەرکردە سیاسییەکانی پارتەکان، مایەی تەماع و چاوبرسێتی بوو.

حکومەتی عێراق کە بەپێشێلکردنی سەروەریی وڵاتەکەی خۆشحاڵ نەبوو، بەڵام ئەو دەرفەتە سیاسی و ئابوورییانەی قۆزتەوە کە هاتنەپێشی. ئەو هەنگاوە نێودەوڵەتییانە لەکاتی جەنگەکەو ئەو سزاو گەمارۆیانەی دژی عێراق سەپێنران، وەرچەرخانە رادیکاڵە ئابوورییەکەی وڵاتەکەو ئەو پشێوییە کۆمەڵایەتییانەیان پەردەپۆشکرد کە بەدوایداهاتن. هەولە مرۆییەکان دواتر لە ترۆپکی کاریگەرییە خراپەکانیان کەمکردەوەو هەروەها لەراستییدا هانی بەردەوامیشیاندا. چونکە دەرفەتی دایە حکومەتی عێراق کە ئۆباڵی هەر نەهامەتییەکی بەسەر خەڵکیدا دێت، بخاتە ئەستۆی سیستمی سزاو گەمارۆکە نەک سیاسەتەکانی حکومەت خۆی.

لەراستییدا، هەوڵە مرۆییە نیودەوڵەتییەکان بەرپرسیارێتییەکی زۆری پێیوستیی و گوزەرانی خەلکە لۆکاڵییەکەی لەسەرشانی حکومەتی عێراق و حیزبە فەرمانڕەوا کوردییەکانی باکوور هەڵگرتبوو. بەتایبەت، حکومەت لەوەدا زۆر راشکاوانە قەناعەتی وابوو کە بڕیاری ٩٨٦ شوێنی دابینکردنی بەشەخۆراکی (بایەعی) دەگرێتەوە، نەوەکا ئەو سیستمە تەواوبکات. ئەو، سیستمی دابەشکردنی بەشەخۆراکییەکانی خۆی راگرت و بەیانێکی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە کە لێرەبەدوا نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێدانی خۆراک و دابینکردنی

دەرمان بۆ دانیشتووان بەرپرسیارە. حیزبە کوردییەکان هێندە دەمبەهاوار نەبوون، بەڵام ئاکاریان هەمان هەڵوێستی بەغدای پێشاندەدا.

بەدەربڕینێکی دیکە، شێوەیەکی بەتایبەتیبوون بووە واقیع و هەوڵە مرۆییەکان هانی ئەمەیاندا، ئەم بەتایبەتیبوونە لەوانەیە راستەوخۆ کارەکتەری قۆرخکاریی توندوتیژ یان تاڵانخۆریی نەدرێتەپاڵ، بژاردەی دەوڵەتی عێراقیی هەرزوو وازی لە خواستی سونەتیی خۆی هێناوە بۆ پاراستنی کۆنترۆڵی تەواوی خۆی بەسەر ئابوورییدا و پیدەچێت ئەرکی بەرپرسیارێتیی لەدابینکردنی گوزەران و پێویستییەکانی خەڵکی خستبێتە ئەستۆی ئاژانس و دەزگا تایبەت و بان نیشتیمانییەکانەوە. ئەوەش بەشێوەیەکی رێژەیی رەنگدانەوەی ئەو ئاراستە جیهانییانەی بەتایبەتیبوونی کەرتی ئابووری و زێدەبوونی رۆڵی رێکخراوە ناحکومییەکانە NGO ، ئەوەی تێگەیشتنی دەوڵەت سەبارەت بە گەشەکردن و پەرەسەندنە ئابوورییەکان کەمدەکاتەوە. لەهەردوو بەری هێڵی تەماسی نێوان کوردو حکومەتی عێراق، دەڵاڵ و بەڵێندەرە لۆکاڵییەکان کەلەلایەن کەسایەتی ودەزگا حیزبییەکانەوە پشتگیریی دەکران، بەگشتی نەهامەتیی و دەستکورتی و موحتاجی خەڵکەکەیان بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان قۆزتەوە. بەوەش دەتوانرێت ئابووری لۆکاڵی بە جۆرێک لە لیبرالیزمی نوێی توندڕەو هەڵپەکار پێناسەبکرێت. ئەوەی لەدەوڵەت دەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی زێدە ملکەچی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی وابەستە بەحیزبەوەیە، هەروەها بەرپرسیارێتییە گشتییەکانیش سەبارەت بە تەندروستی گشتی و گوزەرانی خەڵک لەدەوڵەتەوە گواستراوەتەوە بۆ پشتێنەی پاراستنە مرۆییەکانی ئابووری بان نیشتیمانیی.